# سترەکتوری پارتەسیاسیەکان و تەجروبەی هەرێمی کوردستان

مافناس: حاکم شۆڕش
سوید

١-٣

### ئەزمونی بەرەی کوردستانی

لەکۆتایی شەڕی عێراق ئێران و لەسەرەتای پەلاماردانی کوەیت لەلایەن سوپای فاشی عێراقەوە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و، شکستی سوپای عێراق لەکوەیت و پەلامارەدانەوەی کوردستان و لەئەنجامی کۆرەوە ملیۆنیەکەی خەڵکی کوردستان، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری پاراستنی هێڵی ٣٦ ی دا بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیلی کوردستان لەدەست ڕژێمی فاشی عێراق و لەشکری نانیشتیمانی عێراق لەم کاتەدا! کە بەهۆی دروستبونی هێڵی ٣٦ بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیلی کوردستان ڕێژیمی عێراق لەناوچەکە بە هەستکردن بە لەدەستدانی چەسپاندنی دەسەڵات و پرەنسیپە عەسکەرتاریەتەکەی بەدوو مەبەست دامودەزگاکانی خۆی لە سێ پارێزگای کوردستان هەولێر دهۆک سلێمانی کێشایەوە.

یەکەم بەمەبەستی دروستکردنی بۆ شاییەکی ئیداری بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە.

دووەم لەچاوەڕوانی سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆیی بوو لە نێوان لایەنە کوردیەکان. بەڵام بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٩١ بڕیاریدا بەشێوەیەکی کاتی ئەم سێ پارێزگایە لەروی ئیداریەوە بەڕێوەبەرێت، تا هەڵبژاردنی پەرلەمانێک لەکوردستان و دروستبونی دامودەزگای دەستوری و یاسایی، کە بەشێوەیەکی یاسایی ناوچەکە بەڕێوەببات ئەمەش یەکێک بوو لەکارە هەرپیرۆز و باش و سەرکەوتووەکانی بەرەی کوردستانی لەم قۆناغەدا.

### ئەزمونی خۆ بەڕێوەبردنی کوردستان١٩٩١

پاش ئەوەی بەرەی کوردستانی بەرنامەیەکی دانا بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و هەرسێ پارێزگاکەی هەولێرو سلێمانی و دهۆک، سەرەڕای بوونی کەموکوڕی و گەندەڵی لە کۆکردنەوەی سامان، لە لایەن لایەنە سیاسیەکانەوە، بەڵام بەرەی کوردستانی توانی ئەم بۆشاییە ئیدارییە پڕبکاتەوە، بەپارەی باج و گومرگەکانی کوردستان، لەوانە ئیبراهیم خەلیل تا بتوانێت موچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە دابینبکات، ئەمەش یەکێک بوو لەسەرکەوتنەکانی ئەزمونی بەرەی کوردستانی لەخۆ بەڕێوەبردن.

### یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ١٩٩٢

ساڵی ١٩٩٢ یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەمێژوی کوردستاندا ئەنجامدرا، بەداخەوە ئەنجامەکەشی قوڵبونەوەی ناکۆکییە مێژوویەکان و قبوڵنەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن و سەرهەڵدانەوەی مەترسیەکانی شەڕی خۆکوژیبوو لەکوردستان. دوای دانوستاندنێکی زۆر پارتی و یەکێتی بەتەوافق گەشتنە چارەسەرێک کە پۆستەکانی ناو پەرلەمان و حکومەتەکە بە ٥٠ – ٥٠ دابەشبکەن، ئەمە ئەگەر بەشێوەیەکی کاتی لێی بڕوانرێت لەپێناو دیالۆگ و یەکتر قبوڵکردن و، دورخستنەوەی ئاگری شەڕ دەتوانرێت بەچارەسەرێکی باش لێکبدرێتەوە، بەڵام بە مانا دیموکراسیەکەی ئەمە سەرەتای ڕەتکردنەوەو قبوڵنەکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی بوو لە کوردستان، کە تا ئێستاش باجی ئەم ٥٠ بە ٥٠ دەدەین!، کەوایە لەم یەکەم ئەزمونی بەدیموکراسی کردنی دەسەڵات لەکوردستان بناغەیەکی ساغڵەم بەپێی پرەنسیپەکانی دیموکراسی لەمێژوی کورددا تۆمار نەکرا، ئەوەش وایلێهات ئەم قۆناغە درێژە بکێشێت و باجی زیاتریش بدەین لەپێناوی پرۆسێسی بەدیموکراسی کردنی کۆمەڵگەی کوردستان و، دواکەوتن و دارشتنی سەرەتاکانی پرنسیپەکانی دیموکراسیەت، کە خۆی لەزۆرینەو کەمینەدا دەبنێت، بۆیە دەتوانین بڵێن یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تەجروبەیەکی نوێ بوو لەژیانی سیاسی و دەستوری ناوچەکە، بەڵام بێ کەموکورتی نەبوو هێزەسیاسیەکانیش بەهۆی ئەوەی کەلتوروفەرهەنگێکی دیموکراسیان نەبوو نەیانتوانی لەئاستی ئەم تەجروبە دیموکراسیەدا بن.

### کابینەکانی حکومەتی کوردستان ١٩٩٢ – ٢٠٠٩

ئەزمونی بەڕێوەبردنی کوردستان لەکابینەی یەکەمەوە تا کابینەی شەشەم ڕەنگدانەوەی کاری ئیجابی و سلبی لێدەکرێت، کاری باش و خراپی پێوە دیارە، ئەگەر بێت و کارە باشەکان هەڵسەنگێنین دەتوانین بڵێین: کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تارادەیەک توانیویانە ئیدارەی ناوچەکە بکەن و دامودەزگاکانی حکومەت پڕبکەنەوە، ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی حزبی بەسەردا زاڵ بووە، بەڵام بۆ قۆناغێک توانیویەتی فەراغە ئیداریەکە پڕبکاتەوەو، حکومەت و دەسەڵاتی کوردستانی بکاتە دیفاکتۆ.

هەروەها لە ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان شتکراوە و ئەو پێشکەوتنەی لەروی بنیاتنان و ئاوەدانی و ڕێگاوبان بەدی دەکرێت، مرۆڤ دەبێت بەویژدانەوە بیانخاتە بەرباس سەرەڕای ئەو هەموو عیلاقاتی دیبلۆماسیە، لەگەڵ وڵاتانی دنیا و کردنەوەی قونسوڵگەری بەشێک لەولاتانی دنیا لەپایتەختی هەرێمی کوردستان و، هاوکاری بەشێک لە دانیشگاکانی کوردستان لەگەڵ دانیشگا پێشکەوتووەکانی دنیا، تا دواکاری کابینەی پێنج کە بۆ یەکەم جار لەمێژوی کوردستاندا کۆمپانیا بتوانێت نەوت بدۆزێتەوە لەسنوری هەرێمی کوردستان و، بەرهەمهێنان لەو بوارە بکات ئەمانە ناکرێت چاوی لێ بنوقێنرێت، وەک کوڕێکی خەڵکی شاری هەولێر جیاوازییەکی زۆر گەورە دەبینم لەو ڕۆژەی هەولێرم بەجێهێشت و پەنام بردە بەرشاخ، تا ئەمرۆ کە لە مێدیاکانی کوردستان ئەو هەموو پرۆژەیەی ئاوەدانی و بنیاتنانە دەبینم لەگەڵ بینینی هەوڵی کرانەوە بەڕوی ئەو پێشکەوتنانەی کە لەدونیا هەیە، لەهەموو بوارەکانی ژیان هەوڵی گواستنەوەیان بۆناو کوردستان دەدرێت، لەروی ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی گۆڕانی سیتەمی خوێندن و هتد...

بەڵام پرۆسەی دیموکراسی لەکوردستان تا ئێستا بەسەقەت دەبینم، بەهۆی ئەوەی پاش تێپەربونی ١٩ ساڵ لەپرۆسەی حوکمڕانی، بەداخەوە نەمانتوانییوە سیستەمێکی یەکگرتوو ئیدارەیەکی یەکگرتوو دروست بکەین،کە لەسەر بنەماکانی زانستی کارگێڕی و پرەنسیپی دیموکراسی لەبەڕێوەبردنی وڵات بنیاد نرابێت، هەروەها شکستمان هێناوە لە پاش ١٩ ساڵ لەدروست بوونی سیتەمێکی دیموکراسی لەناو پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی قەزائی، تا بتوانێت مافی مرۆڤ بپارێزێت و مافی تاکی کوردستانی لە ئەرک و واجبات جێگیر بکات، هەروەها عەدالەتی کۆمەڵایەتی دروستبکات بۆ ئەوەی تاکی کوردستانی یان هاوڵاتی کوردستانی ئەم حکومەتە بەحکومەتی خۆی بزانێت و، بەدڵ و گیان بەشداری تێدا بکات بۆ ئەوەی بتوانێت گۆڕانی دیموکراسی لەناوکۆمەڵگەی کوردستان لەدایک بێت. بەداخەوە لەگەڵ ڕێزم بۆ زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان، تا ئێستا پەرلەمان کە لەهەموو دنیا دڵی دیموکراسیە، ئێمە نەمانتوانیوە تاکی ئازاد بخەینە ناو پەرلەمان تا بتوانێت بە پرۆژەی حزب یان بەپرۆژەی تاک بتوانێت لەناو پەرلەماندا یاسای پێویست دابرێژێت، بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستانی لەهەموو بوارەکانی ژیان "پەروەردە، ئابوری، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، یاسایی، دەستوری، کەلتوری" هەروەها پەرلەمان بتوانێت یاسای باش دابرێژێت بۆ دروستکردنی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگەی کوردستان.

بەداخەوە هەرچەندە من ٧/٢٥ بەوەرچەرخانێک دەزانم لەژیانی پەرلەن و کاری پەرلەمانتارانی کوردستان، بەڵام زۆرمان ماوە بگەینە ئەو ڕۆژە کە پەرلەمان پەرلەمانی خەڵکی کوردستان بێت و، ئەندامی پەرلەمان خۆی بەنوێنەری گەل بزانێت نەک کارمەندی حزب، لەبەر ئەوەی ئەم قۆناغەی ئێستامان ئەوە دەخوازێت پارتە سیاسیەکانی کوردستان بۆیەک جار لەمێژوودا بەخۆیاندا بچنەوەو،بیر لەوە بکەنەوە کەسی شیاو لەجێگای شیاو دابنێن و دان بەو پرەنسیپە دیموکراسیەدا بنێن"کە پەرلەمان شەرعیەتی دەستوری بەرزترە لە حزب و سەرۆکی حزب و مەکتەبی سیاسی حزبەکان.

هەروەها پەرلەمان بەرزترین دەسەڵاتی یاسایە لەکوردستان" حزبەکان مافی خۆیانە کاندیدەکانی خۆیان بەڕێگای هەڵبژاردنێکی دیموکراسی بنێرنە ناو پەرلەمان، بەڕێگای پرۆژەی یاسایی و دەستوری و ئیداری کار بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستان بکەن، بەڵام وازبهێنن لەو سترەکتورە حزبایەتیە تەسکەی کە بڕیار لەدەرەوەی پەرلەمان بەسەر ئەندامانی پەرلەمان بچەسپێنن و ئەندامانی پەرلەمان بچوک نەکەنەوە، واش نەکەن کە ئەندامی پەرلەمان ببێتە پاشکۆی سەرۆک و سکرتێرو مەکتەبی سیاسی حزب لەناو خەڵک بەچاوێکی وا سەیر بکرێن کە ئەمانە "کەسانی ئەشهەدوبیلان" هیچ کەسیان بایی ئەوەندە ئازادیان نادرێتی کە بتوانن لەهزرو فکرو توانای خۆیان دانوساندن بکەن، لەسەر پرۆژە یاساکان ئەو پرۆژانەی چ بەرێگای حزب یان فراکسیۆن و تاکی پەرلەمانتاران پێشکەش دەکرێن، بەڵکو دەبێت حزب فەزایەکی ئەوەندە ئازاد بۆ پەرلەمنتارەکان بخولقێنێت کە بیانکاتە نوێنەری راستەقینەی خەڵک و خاوەنی ئەو توانایەبن کە راو سەرەنج و تێبینی خۆیان بە ئازادی لەسەر هەموو پروژە یاساکان بخەنە روو و، بیر لە هەبونی پرۆژەی تاکی خۆیان بکەنەوە لەخزمەتی خەڵک و لەدەرەوەی حزب، بۆ نمونە زۆر جار خەڵکێکی ناشایستە و بێ تواناو بێ کەفائەت کە هیچ کەلتوری پەرلەمانی و سەقافەتی دەستوری نییە، بەپێی پرەنسیپی تەکەتولات و پیاو پیاوانێ و پاراستنی بەرژەوەندی و تاکەکانی مەکتەب سیاسیەکان دادەمەزرێن لەناو پەرلەمان!!!، کەچی ئەزمونی پەرلەمان چەندەها پەرلەمانتار لەمێدیاکان پێشان دەدەن لەدو دەورە ئەندامی پەرلەمان بوون!!!،بەڵام رۆژێک لەرۆژان نەیانتوانییوە بەشداری لە گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیاساکان لەدانیشتنەکانی پەرلەماندا بکەن و، یەک وشە بڵێن!، وەک زەمانی بەعس و مەجلیسی وەتەنی عێراقی کەسەدام پاش ئەوەی بڕیاری دەدا، ئەوکات دوای بڕیاری ئەو ئەندامانی مەجلیس وەتەنی عێراقی بە ئەشهەدو بڕیارەکەی ئەویان پەسەند دەکرد!، لەبەر ئەوە ئەزمونی حوکمڕانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە پرۆسەیەکی ڕیفۆرمە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیەی لەناو کۆمەڵگەی کوردستان و ئەو گەندەڵیەی دروست بووە چارەسەرێکی بۆ دابنرێت، تا حکومەت لە حکومەتی حزبەوە بکرێتە حکومەتی خەڵک، هەرچەندە من ئەم گەندەڵیەی لەکوردستان هەیە تەنیا بەگەندەڵی ئیداری نازانم، ئەوەندەی بەگەندەڵیەکی سیاسی و مالی دەبینم کەوا لەناو حزبدا گواستراوەتەوە ناو دامودەزگاکانی حکومەت.

# بەڕێوەبەر و ڕۆتین لە فەرمانگە حوکمیەکان

جەمال حوسێن سادق

بەڕێوەبەر بەرپرسی یەکەم و هەڵسوڕێنەری کاروباری دەزگا حکومیەکانە بەپێی یاسا، دەسەڵاتی بەڕێوەبەر لەدەسەڵاتی هەموو کارمەندانی فەرمانگەکە بەرزترە،بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە بەڕێوەبەر دروستکراوی دەستی حزبە!، چونکە بەبێ ڕەزامەندی حزب کەس ئەو پۆستەی پێ نادرێ و مەرجیش نییە ئەو کەسە تاچەند بلیمەت وشارەزاو لێهاتووە،بەڵکو گرنگ ئەوەیە لەژێرچەتری حزب گەورە بووبێت،لە بەرامبەر ئەوەدا ئەویش دەبێ فەرمانەکانی حزب جێبەجێ بکات،وەک ئاشکرایە حزبیش کەسانێک بۆ ئەم پۆستە دەست نیشان دەکات کە بەتەواوی گوێڕایەڵی فەرمانی حزبەکەی بێت و، ڕێنماییەکان لەوان وەربگرێ!، ئەگینا بەپێچەوانەوە لێی قبوڵ ناکرێ لەو پۆستەدابمێنێتەوە، بۆیە هەندێک لەو بەڕێوەبەرانە ئامادەن هەموو شتێک قبوڵ بکەن تەنیا بۆ ئەوەی لەسەر کورسیەکە بمێنێنەوە...

هەمووومان دەزانین بەڕێوەبەر دەبێ خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز و پسپۆڕ و شارەزاو خاوەن ئەزموون بێت، بەتایبەتی لەبواری کارگێڕی و یاساکانی تایبەت بە کارگێڕیەوە،هەروەها پێویستە مرۆڤیکی نیشتیما ن پەروەر و دەست پاک و سینگ فرەوان و ڕابردوو پاک بێت و، بتوانێ بەیەک چاو سەیری کارمەندەکانی بکات، ئەگەر چی ئەمرۆ ئەو مەرجانە لەبەرچاو ناگیرێت و بگرە هیچ نرخێکی ئەو تۆشیان نییە!!!، گرنگ ئەوەیە کەسێک هەبێ پێی بڵێن بەڕێوەبەر وشوێنەکە پڕ بکاتەوە جا خوای دەکرد دونیای خراپ دەکرد، بۆیە هەندێک بەڕێوەبەر هەن جگە لەنەهامەتی و کێشەو گرفت نەبێ هیچ ئاسۆیەکی ڕوونی لەبەردەم دانییە بۆ بەرەو پێشبردنی فەرمانگەکەی، زۆرجاریش دیکتاتۆریانە مامەڵە دەکا و هیچ ڕێزێک بۆ کارمەندان دانانێ و بە ئارەزووی خۆی یاسا پێشێل دەکات و لە کاتی دەوامی ڕەسمی ژوورەکەی دەکاتە دیوەخانی دۆست وبرادەران،ئەوانە لە چوار دەوری خۆی کۆدەکاتەوە بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەو خەڵکە بکات کە بۆ تەواو کردنی ئیش و کارەکانیان لە بەردەم دەرگاکەی ئەو وەستاون و چاوەڕێی تاقە ئیمزایەک دەکەن!.

بەڕێوەبەری واهەیە تەنیا لەدەوامی فەرمی نەبێ ناچێتە سەردانی نەخۆش و پرسە!، لەدوای دەوامیش بە ئۆتۆمبێلی حکومی بە ماڵ ومنداڵەوە پیاسەی بازاڕ و سەردانی خزمان وپارک وسوپەر مارکێتەکان دەکات و، پۆز لەسەر خەڵکی هەژار لێدەدات!هەرگیز بیریش لەوە ناکاتەوە کە ئەم ئۆتۆمبێلە بەرهەمی خوێنی هەزارەها شەهیدەو، دەبێ بەجوانی پارێزگاری لێبکرێت،چونکە تەنها بیر لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی دەکاتەوە!!!.

بێگومان بەڕێوەبەر دەبێ تایبەتمەندیەکی بەهێزی هەبێ و خۆی لەڕۆتین بپارێزی و کارێکی وانەکات ببێتە مایەی بێزاری و نارەزایی خەڵک لەفەرمانگەکەی ئەودا، هەروەک دەبێ خۆی لە کاری حزبی بەدوور بگرێ، هەرچەندە ئەوە چەندین جارە خودی ( تاڵەبانی) هەوڵی داوە دەسەڵاتی حزب لە حکومەت جیا بکاتەوە، بەڵام تا ئێستا هەردوو سەرکردەی دوو پارتەکەی دەسەڵات تاڵەبانی و بارزانی، نەیانتوانیوە حکومەت لە دەست حزب ڕزگار بکەن!، چونکە خەڵک ماوەیەکە خەون بەوە دەبینن و دەپرسن،ئاخۆ کەی ئەورۆژە دێت کە کەسی شیاو لەشوێنی شیاو دابنرێت ؟دیارە مرۆڤی شیاو لەخەمی ئاوەدانکردنەوەو بەرەو پێشبردنی وڵاتە و،هەرگیز نابێتە نەهامەتی و تەنیا بیر لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی ناکاتەوە...